# نامەیەکی کراوە بۆ زۆر بەڕێز کاك مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەڕێزم هیچ گومانم لە دڵسۆزیتان بەرامبەر بەکورد و کوردستان نیە وەکو کوردێکی کەرکوکی حەزدەکەم و بە شانازیەوە بە رەسمی ببیتە سەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستان بە کەرکوکی دڵی کوردستانیشەوە , بەلاّم بە داخەوە بەو شێوازەی کە ئێستا بۆ ئاوەدان کردنەوەو گەڕانەوەی لادێنشینەکان دەکرێت ئەو هیوایەمان لا کز دەبێت.

ئێستا لە لایەن لقی 3سێی پارتیەوە چەند دێیەکی سەر بەناحیەی پردێ(التون کۆپری) وا ئاوەدان دەکرێتەوە بە پێدانی 10000دە هەزار دۆلار بۆ هەر خێزانێك کە دەکاتە نزیکەی 15 ملیۆن دینار بەلاّم بە مەرجێك ئەو خێزانە دەبێت پارتی بن یا ببن بە پارتی ئەگەر نا ئەو بڕە پارەیە نایانگرێتەوە . ئەمەش پێچەوانەی ووتەکەی بەرێزتانە کە دەفەرموون لە کەرکوك دەبێت کوردایەتی بکرێت نەك حیزبایەتی . .بێجگە لەوەی بەشێکی زۆر لەوانەی پارەکەیان پێ دەدرێت ئێستا لە ناو شاری کەرکوك دادەنیش بەمەش رێژەی کوردی ناو شارەکە بە دەستی خۆمان کەم دەکەینەوە

گەورەم ئەگەر جەنابتان ئاگاداری ئەم حاڵەتەی سەرەوەن و بە فرمانی ئێوە جێ بە جێ دەکرێت ئەوە بۆ خۆی کارەساتێکە و خۆ ئەگەر ئاگاتان لێی نیە و بە دزی ئێوەوە دەکرێت ئەوە کارەساتێکی گەورەترەو تکایە ئاگاداربن.

**کمال علی شوانی**

**کرکوك**